# چۆن کۆمەڵگەیەکی هۆشیارو دوور

**قسەوقسەڵۆك چەکێکی بەهێزە بۆ لێدانی تاك**

مەهدی سالح راوێژکاری حکومەت بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گوڵان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هەموو پێشکەوتن و سەرکەوتنێك بۆ ژن و پیاو نرخێکی هەیە، بەڵام هەندێك جار نرخەکە بەتایبەتی بۆ ئافرەت زۆر بەرزە. گوتیشی «بەداخەوە کە قسەوقسەڵۆك بەتایبەتی لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا چەکێکی بەهێزە بۆ لێدانی تاکەکان».

مەهدی سالح ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان لەسەر زڕاندنی ناوبانگی تاك هەیە، بەمجۆرە دەستنیشانکرد: فاکتەری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئایینی و سیاسی و دابونەریت کە تا چەند کاریگەرییان لەسەر تاك هەیە؟ گوتیشی «بێگومان هەر لادانێك لە دابونەریت کاریگەری نێگەتیڤانەی لەسەر تاك دەبێت. چۆنیەتی تەرجومەکردنی دەقە ئایینییەکان لە کۆمەڵگەدا کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی هەیە. لادان لە تەرجومەی کۆمەڵگە بۆ دەقێکی ئایینی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر ئافرەت و ناوبانگی ئەو. لە هەمانکاتدا یاسا نووسراوەکانی کۆمەڵگەیەك و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان و تێگەیشتنی دادوەرەکان بۆ یاساکەو پلەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا کاریگەری هەیە لەسەر هێزی ژن لە کۆمەڵگەدا.

راوێژکاری حکومەت بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، لە درێژەی قسەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بەگشتی و دیدی تاك بۆ یەکتری کاریگەری زۆری هەیەو گوتی «ئاستی رۆشنبیری تاك کاریگەری هەیە لەسەر خۆڕاگری یان ڕووخانی لەهەمبەر لێشاوی کۆمەڵگەدا. دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە ئەرکی حکومەتە ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگە بەرز بکاتەوە و یاسا و رێسای وا بێنێتە کایەوە کە ئاسان نەبێت ناوبانگی تاکەکانی کۆمەڵگە بزڕێنن. ئەبێ زڕاندنی ناوی خەڵك تاوان بێت و تاوانی لەو جۆرەش سزای توندی بۆ دیاری بکرێت».

مەهدی سالح پێیوایە لە کۆمەڵگەی کوردی زیاتر ئافرەتان دەبنە قوربانی بوختان و ناوزڕاندن، بۆیە بە پێویستی دەزانێت دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن هەماهەنگییان هەبێت و بزانن ئایا یاساکان لەبەرژەوەندی ئافرەتدان؟ ئایا دادوەرەکان لە یاساکە تێگەیشتوون و ئایا بە دروستی جێبەجێ دەکرێن؟ ئەوەشی دووپات کردەوە کە «بەهێزکردنی پێگەی ئافرەت و پاراستنیان جگە لە حکومەت ئەرکی دەزگا ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و میدیایی و پیاوانی ئایینی و خێزان و کۆمەڵگەیە بەگشتی».

**پێویستە کۆمەڵگەیەکی هۆشیارو ئاگادارتر لەمافەکانی تاك بەرهەم بێنین**

ڕۆژنامەنووس سالار عوسمان سەرنووسەری ڕۆژنامەی (هەولێر)، سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە پێویستە سەرەتا کۆمەڵگەی کوردی بەووردی بخوێنرێتەوە، گوتیشی «کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی بێ گرفت و ئاریشە نییە، بۆیە پێویستە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکان لەسەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەردەوام کاربکرێت، وێڕای بەرزکردنەوەی ئاستی جۆری تێگەیشتنیان لە سەروەری و گەورەیی پێگەی مرۆڤ».

سالار عوسمان پشتگیری هەمان رای مەهدی سالح دەکات و دەڵێت «لە زۆبەی وڵاتانی دنیا و کۆمەڵگەی کوردیش زیاتر ئافرەتان دەبنە قوربانی بوختان و ناوزڕاندن، کە دەبێت بە یاسا رێگری

**زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ کە تاك لەبواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەرگەی گرفت و قسەوقسەڵۆك ناگرێ و تووشی شکست و هەرەسهێنان دەبێت، بەڵام ئایا ئەوە هێمایەکە بۆ ئەوەی ئاستی هۆشیاریی تاك لاوازە و نەیتوانیوە ڕووبەڕووی گرفتەکان ببێتەوە، یان فاکتی شاراوەی دیکە لەپشتە؟ لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە ڕاوسەرنجی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

# لە ناوزڕاندن بەرهەم بهێنین؟

لەو دیاردە نەرێنییە بکرێ». جەختی لەوەش کردەوە کە «پڕۆسەی هۆشـــیاری کۆمەڵگە و دەســـەڵات بەرامبەر بە تاك بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی پڕۆســـەیەکی ســـەخت و قۆنـــاغ بە قۆناغەو حکومەت کاری زۆری لەسەر کردووە، بەڵام خەلەلی حکومەت لە جۆری بەدواداچووندایە، واتا چاودێری و بەدواداچوونی بڕیارەکانی ناکات»،

سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەولێر، بە پێویستی دەزانێت حکومەت کار لەســـەر پیاویش بکات، چونکە «ئەوە ئێمەی پیاوین غەدر لە ئافرەت دەکەین و مافەکانیان پێشـــێل دەکەین، ئەوە دامودەزگاکانن ڕۆڵیان نادەنێ، بۆیە لەتەك ئیشکردن لەسەر هۆشمەندی ئافرەت و مافەکانی ئافرەت، دەبێ جارێکی دیکە بازنەیەکی دیکە بکێشین بـــۆ جۆری تێگەیشـــتنی پیاو و مامەڵەکردنـــی لەگەڵ ئافرەت، لەهەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە حکومەت بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو بڕیار و راســـپاردانە بکات، کـــە لەبارەی ئافرەتەوە دەریکردووە، یاســـاش بەجۆرێك جێبەجێ بکرێت، کە ئافرەت تێیدا ئازاد و کەرامەت پارێزراو بێت». گوتیشی «حکومەت، پەرلەمان، میدیا، قوتابخانە و مەنهەجی خوێندن، مینبەرەکانی مزگەوت، هەر هەموومان پێویســـتە پێکەوە کار لەسەر ئەوە بکەین کۆمەڵگەیەکی هۆشیارتر و ئاگادارتر لەمافەکانی مرۆڤ بەرهەم بێنین».

**هۆشـــیاری ئافرەتان یاســـاکانی توندوتیژی و باری کەســـی هەمواركردەوە**

ئەمـــەل جـــەلال محەممـــەد ئەندامـــی ئەنجومەنـــی باڵای کاروبـــاری خانمان، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە بوختان و قسەڵۆك تەنیا لەناو ئافرەتاندا نییە و پیاوانیش تووشی ناوزڕاندن و بوختان کردن دەبن، گوتیشـــی «هۆشیاری تاك لەکۆمەڵگە وابەســـتەیە بە فەلسەفەی حوکمڕانی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیەی کە دەسەڵاتی حوکمڕانی بەڕێوەی دەبات»، ئەمەل جـــەلال لەدرێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گـــوڵان، جەختی لەوە کردەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەرهاوێشـــتەی سیســـتەمێکی حوکمڕانـــی دیکتاتۆرین کە لەرابـــردوودا رژێمی بەعس پەیڕەوی کردووە، رۆشنبیری و هۆشیاری تاکەکان سەرچاوەی لەو فەلسەفەی حوکمڕانییە لە ڕابردوودا وەرگرتووە، گوتیشی «پیاو لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تائێستاش کاریگەری رژێمە دیکتاتۆرەکانی لەسەرە، لەوەی کە دەیەوێ بە زەبری هێز چارەســـەری کێشـــەکان بکات، بەزەبری هێـــز رەگەزی بەرامبەری کە رەگەزی مێینەیە ســـەرکوت بکات، قبووڵنەکردنـــی ئافرەت لەلایەن کۆمەڵگەو بەشـــداری پێنەکردنی لەکایە سیاســـییەکان مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئافرەت ناهۆشیارە، یاخود لەبەرامبەر مافەکانی بێدەنگە، بەڵام سیستەمی حوکمڕانی لەهەرێمی کوردســـتاندا سیســـتەمێکی نێرینانەیەو فەلســـەفەی حوکمڕانی و فەلسەفەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بەرپرسیارە لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە».

ئـــەو ئەندامەی ئەنجومەنی باڵای کاروبـــاری خانمان، هەموو ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە کە دەدرێتە پاڵ ئافرەت بەوەی کە گوایە ئافرەت ناهۆشیارە، یان عەقڵی لاوازە، گوتیشی «ئەوە راست نییە کە دەگوترێ ئافرەت ناهۆشیار نییە، بەڵکو زۆریش هۆشیارە، بەڵام گیرۆدەی سیستەمێك و یاسایەکن کە هەتا ئێستاش کۆت و بەندی دەکات، ئافرەت هۆشـــیارە و ئەوەش هەوڵی ئافرەتانی هۆشیار بوو کە یاسای توندوتیژی دەرکرا و یاسای باری کەسی هەموارکرایەوە، بەبڕوای من هۆشـــیاری پیاوانـــی ئێمە لەهۆشـــیاری ئافرەتی تێنەپەڕاندووە، ئەگەر پیاوان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هۆشـــیاربوونایە دەبوو ئێســـتا کۆمەڵگەیەکی زۆر تەندروست و دوور لە توندوتیژی خێزانی و دوور لەکوشتنی ئافرەتمان هەبووایە.»

راوێژکاری حکومەت بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی:

**ئەرکی حکومەتە ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگە بەرز بکاتەوە و یاسا و رێسای وا بێنێتە کایەوە کە ئاسان نەبێت ناوبانگی تاکەکانی کۆمەڵگە بزڕێنن**

ئەندامێکی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان:

**ئەگەر تاك لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هۆشیاربووایە دەبوو ئێستا کۆمەڵگەیەکی زۆر تەندروست و دوور لەتوندوتیژی خێزانی و دوور لەکوشتنی ئافرەتمان هەبووایە**

سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەولێر:

**لە زۆبەی وڵاتانی دونیا و کۆمەڵگەی کوردیش زیاتر ئافرەتان دەبنە قوربانی بوختان و ناوزڕاندن، کە دەکرێ بە یاسا رێگری لەو دیاردە نەرێنییە بکرێ**



# خانمه رۆژنامەنووس و میدیاکارەکانی کوردستان تاچەند رۆڵیان هەبووە و بواریان پێدراوە

**زۆربەی خانمانی رۆژنامەنووس و راگەیاندنکاری کوردستان باسی ئەوە دەکەن کە لە کۆمەڵگەی کوردی وەك هەر کۆمەڵگەیەکی نەریتی، لە رابردوودا ناوەندەکانی راگەیاندن بۆ کارکردنی ئافرەت بە شوێنێکی ساخڵەم نەزانراوە و لە دیدی کۆمەڵگەوەش خانمانی میدیاکار پێگەیەکی باشیان نەبووە، ئەوەش کێشەی گەورەی بۆ دروست کردوون، بەڵام سەرەڕای ئەو کۆسپ و تەگەرانەش تەسلیمی بیرۆکەی نەریتسالاریی کۆمەڵگە نەبوون و سەلماندیان کە تواناکانیان لە توانای پیاوانی هاوپیشەیان کەمتر نییە، لە ئێستاشدا کۆمەڵێك ئافرەتی بەتوانا و بەئەزموون لەم گۆڕەپانەدا دەبیندرێن و لە پێشخستنی کاروانی رۆژنامەگەری کوردی جێ پەنجەیان دیارە. بەپێی ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش زیاتر لە ١٢٠٠ ئافرەت لە سەندیکا بە ناونیشانی جیاجیا لە بواری رۆژنامەگەری تۆمارکراون.**



خانزاد سەعدی سکرتێری بۆردی چاودێری مافەکانی ژنان لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رایوایە ئەو تێگەیشتنە لە دوای راپەڕینی کوردستان و ناوەڕاستی نەوەدەکان بەرامبەر بە ئافرەتی راگەیاندنکار هەبوو؛ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، وتیشی: «من و هاوکارانم ئەوکات کە دەستمان بە کاری میدیایی کرد؛ ئەو تێڕوانینە سەقەتە، نەک هەر لەسەر خودی خۆمان؛ بەڵکو لەسەر خانەوادەکانیشمان هەبوو کە چۆن رێگەمان پێ دەدەن لە تیڤی دەرکەوین، یان وەک رۆژنامەوان بەردەوام لێرە و لەوێ ببیندرێین! بەڵام ئێمەی ئافرەتان ئەوکات شۆڕشێکمان لە کاری میدیایی بەرپاکرد و دواتر پەرەمان بە کارەکەمان دا و بۆ کۆمەڵگەمان سەلماند کە میدیاکار وەک پزیشک و مامۆستا و پارێزەر و هەموو کارەکانی دیکە ئەرک و پەیامێکی پیرۆزی هەیە؛ تا وایلێهات بووینە رێخۆشکار و هاندەر بۆ ئافرەتانی دیکە کە بێنە نێو بوارەکە و بەردەوامی و پەرەی پێبدەن. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ئێستا و بیست ساڵ لەمەوبەر بکەین؛ دەبینین تێڕوانینەکان تا رادەیەکی باش گۆڕاوە لەسەر ئافرەت بەگشتی و میدیاکاری ئافرەت بەتایبەتی، چونکە بیروبۆچوونی نەوەی ئێستا لەگەڵ پێشووتر زۆر جیاوازە».

خانزاد لە ئاخافتنەکەیدا بۆ گۆڤاری گوڵان، لە بارەی پرسی ئافرەتی میدیاکار و پێگەی لە کۆمەڵگەدا، روونکردنەوەی زیاتر دەخاتەڕوو، هاوکات دەڵێت: «لە سەردەمی تەکنۆلۆجیا و بەربڵاویی هۆیەکانی گەیاندن؛ ژمارەی کەناڵەکانی راگەیاندن زۆر بووە و کێبڕکێ لەسەر کوالیتی کارمەند و تەکنیک دەکرێ، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان لەو بوارەدا کاربکەن و سەرکەوتوو بن و هەندێکیشیان لە پیاوەکان زیاتر ناوبانگ دەربکەن». وتیشی: «بەڕای من نەک هەر لە راگەیاندن؛ بەڵکو لە زۆربەی کارەکان و ژیانی رۆژانە؛ ئافرەت وردتر و بە سەلیقەتر و دەسترەنگینتر بووە، زیاتر

کۆڵنەدەرە و بەرگەدەگرێ، هۆشـــیاری تاکەکانیش وایکردووە کە کاری زیاتر لەســـەر خۆیان بکەن و جێ پەنجەیان لە هەموو شوێن و پێگەیەک دیار بێت.»

ئومێد عەلـــی جاف، چالاکی بواری مافی مرۆڤە و ســـەبارەت بە جیاکارییەکانی ڕەگەزی بەگشـــتی و لە بـــواری ڕاگەیاندنەکان بەتایبەتی دەڵێت: «من کۆی گرفتەکە دەگەڕێنمەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، کە هەردوو هۆکارەکە لە یەك جێگەی نهێنیدا خۆیان حەشار داوە، ئەو جێگەیەش کۆنەست (لاشـــعور) ی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بە ژن و پیاوەوە،

یەکـــەم: لە کۆنەســـتی پیـــاوی کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەمیشـــە جێگەیەکی کەمبایەخ و فەرمۆشـــکراو بە ژن دراوە، ئەگەرچی زۆر جار بە زمان و بە نووســـین و لە ڕاگەیەندراو و دەق و یاساکانیشـــدا، باسی ڕۆڵ و بایەخ و توانای ژن دەکەن، بەڵام دواجار و لە دەرئەنجامدا ئێمەی ژن لە پەراوێز دا دەبینین، کە هەمیشە پلە و پایە و پۆستەکان لای پیـــاوە و ژن بۆ پڕکردنەوەی ئـــەو کەلێنانە بەکار دەهێندرێن کە پیاو پێی پڕ ناکرێتەوە، یان ناپەرژێتە سەری، یاخود شوێنی گرنگ نین و بە شـــیاوی ئەوەی نازانن پیاوێك لەو شـــوێنەدا دابنێن، بۆیە ژن لە جێگەکەی دەبیندرێـــت. وەزیرەکانمان، بەڕێوەبەرەکان، تەنانەت بەڕێوەبەری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووســـەر و بەڕێوەبەری نووســـینەکان زۆربەی زۆریان پیـــاون و لە کۆی ئەو شوێنانەدا هەمیشە ژن جێبەجێکارە، نەك فەرماندار و بەڕێوەبەر.

دووەم: لە کۆنەستی ژنی کۆمەڵگەی ئێمەشدا، ژن خودی خۆی بە کائینێکی سەرەکی و نموونەیی نابینێت و هەمیشە وەك تەواوکەری پیـــاو خۆی دەبینێت، ژن لە خێزانەوە تا دەگاتە ناوەندەکانی خوێندن و پاشـــان دەگەڕێتەوە کۆمەڵگە، هێندە لاواز دەکرێت و بە کەم تەماشا دەکرێت، خودی ئەو ژنە کاتێك دەزگایەك، یان ناوەندێك بەڕێوەدەبات، ئەو باوەڕە لاوازییەی لە کۆنەستیدا خۆی حەشار داوە، لێی ناگەڕێت، لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت، هەر لە بەر ئەمەشە زۆرێك لەو شوێنانە لە لایەن ژنەوە بەڕێوە دەبرێن، لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو نین. زۆربەی ئەو دام و دەزگایانەی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا ناوبانگیان هەیە، پیاو بەڕێوەیان دەبات. ئیدی بۆ ئەو ژنانەی کە لە ڕاگەیاندندا کار دەکەن، ئەم دوو هۆکارە بەســـن بۆ ئەوەی ئێمە ڕەگی گرفتەکە دەستنیشـــان بکەین و تێبگەین بۆچی ئافرەتـــان لە ڕاگەیاندندا بە چاوێکی کەم تەماشـــا دەکرێن؟ یان بۆچی ڕۆڵیان لـــە ڕاگەیاندندا لاوازە؟ بۆچی بۆ مەبەســـتی خراپ بەکار دەهێندرێن؟ بۆچی هەمیشە بە چاوێکی کەمتر لە ڕۆژنامەنووسی پیاو سەیر دەکرێن؟ بۆچی بەرنامە پڕ بینەر و باشەکان ژن پێشکەشـــی ناکات و زۆربەی ئەو بەرنامانەی بە ژن دراون بابەتی تەرفیهی و ڕۆتینی ناو کۆمەڵگەن؟»

ڕۆژنامەنووس ژیلا کەریمی، قســـەکانی بەوە دەست پێدەکات کە «ئافرەت بەگشتی سروشتی خۆی بەو شێوەیە کە وردترە لە کارەکان، نـــەك تەنیا لـــە کاری ڕاگەیاندن، بەڵکو بەرپرســـایەتی هەر کارێك هەڵگرێت، ئەوە زۆر بە پوختی و وردی ئەنجامی دەدات». وتیشی: «ســـەرەڕای جێنەکەوتنی بواری ڕاگەیاندن بۆ کارکردنی ئافرەت و ڕەشـــبینیی کۆمەڵگە بۆ ئەو کارە بەرامبەر ڕەگەزی مێینە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕادەی بەشداریی ئافرەتان لەو بەشە زیاد دەکات و تیاشیدا سەرکەوتوون.»

ئەو خاتوونە ڕۆژنامەنووسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کۆمەڵگەی کوردی بە شـــێوەیەکی کەلتـــووری کارەکانی بەســـەر دوو ڕەگەزدا دابەشـــکردووە و هەندێ کار تایبەت بە ڕەگەزی نێرینە دەزانن و ئەو باوەڕە هەیە کە ئافرەت ناتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام ئافرەتی کورد بە هەڵبژاردنـــی ئەو بوارە لە لایەك بەرگری لە کەســـایەتی خۆی دەکات و بـــە کۆمەڵگە دەڵێت: لە هەر شـــوێنێك بێت دەتوانێت خۆی بپارێزێت و ئیتر پێویســـت ناکات، باوك، یان بـــرای ئاگاداری بێت، یان لە هەندێ شـــوێن دوورەپەرێز بێت. لـــە لایەکیتر دژی جیاوازی ڕەگەزی دەوەســـتێتەوە و کارێکی پیاوانـــە هەڵدەبژێرێت کە کارێکی مەیدانـــی و پڕچالاکییە و زۆر بە متمانەوە ئەو کارە دەکات و هەوڵ دەدات سەرکەوتووتر بێت لە ڕەگەزی بەرامبەری و خۆی بسەلمێنێت بـــۆ ئەوەی بلێت کۆمەڵگە بە هەڵە بڕیاری داوە. وتیشـــی: «کاری ڕاگەیاندن کارێکی مەیدانـــی و پڕچالاکییە، بەڵام ئافرەتانی کورد لەو بوارەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و سەلماندوویانە کە ئیتر سەردەم، سەردەمی چاخی سەرهەڵدانی کشتوکاڵ نییە و کاری ئەم سەردەمە بیرکردنەوەیە و پێوەر، هێزی مێشك و توانای ڕاپەڕاندنی کارەکانە، نەك بنەمای ڕەگەزی. واتە ئەگەر کۆمەڵگە دەرفەت بدات، ئافرەت نەك لە پیاو کەمتر نییە، بەڵکو لە زۆر بواردا سەرکەوتووتر و کارامەتریشە لە پیاو. ئەوەیە کە کارکردن لەو بوارە بۆ ئافرەت واتە وەستانەوە دژی بیری هەڵەی کۆمەڵگە و سەلماندنی توانای خۆی».

حاکم ئازاد نەقیبی ســـەندیکای ڕۆژنامەنووســـانی کوردستان، ســـەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هیچ ڕێگرییەکی یاســـایی بۆ نەهاتنـــی ئافرەت بـــۆ ناو بواری ڕاگەیاندن و وەرگرتنی پۆســـتی گرنگی ســـەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردســـتان بوونی نییە»، وتیشـــی: «بە گوێرەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لە ســـەندیکا تۆمارکراون، بە خۆشـــحاڵییەوە لە ئێســـتادا ژمارەیەکی بەرچاو لە خانمی خـــاوەن ئیمتیاز و سەرنووســـەر و بەڕێوەبەری نووســـینمان هەیە، تەنانەت ســـەندیکای ڕۆژنامەنووســـانی کوردستان چەندین پۆســـتی ســـەرەکی بە خانمان بەخشـــیوە، هەروەها لە هەموو لق و نووسینگەکانی سەندیکا لیژنەی خانمانی ڕۆژنامەنووس هەیە، جگە لەوەی لیژنەی ســـەربەخۆش هەیە، پێموایە لە هەلومەرجی ئێستادا خانمانی ڕۆژنامەنووس دەرفەتی باشـــیان لە بەردەمدایە و توانیویانە ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە و بەربەستەکان بشکێنن و تا ڕادەیەکی باش لە کاری میدیایی سەرکەوتوو بن و کاراکتەرێکی کارامە بن لە تێکڕای میدیا بیســـترا و بینراو و نووســـراوەکان، هەروەها لە بەدواداچوون و تۆمارکردن و گواســـتنەوەی زانیارییەکان ڕۆڵێکی ئەرێنییان هەیە، بەتایبەتی لە مەســـەلە پەیوەســـتەکانی تایبەت بە خودی خۆیان و داکۆکیکـــردن لە مافـــە زەوتکراوەکانیان وەکو ئافرەت هەمیشـــە لە سەنگەردان.»

ئومێد عەلی جاف، چارەســـەری و ڕێکاری نەهێشتنی جیاکارییە ڕەگەزییەکان لـــەوەدا دەبینێت کە نەوەیەك بـــۆ کۆمەڵگەی کوردی دروســـت بکرێت کە بەهێـــز و خاوەن متمانە بێـــت، ڕوانگەی پیاوان بەرامبەر بە ئافرەت جیاوازی ڕەگەزی تیا ڕەنگ نەداتەوە و ئافرەت خاوەن کەســـایەتی تایبەتیی خۆی بێت و پیـــاو، یان باوك و برا ئەو کەســـایەتییەی پێ نەبەخشیبێت، وتیشـــی: «خانمان دەبێت خاوەن کەسایەتییەك بن کە بتوانن ئەو سنوورانەی پیاو بۆی کێشاون و ئەو بەربەستە نەریتییانە تێپەڕێنن، بۆ ئەوەی بتوانن کار بکەن و بەڕێوەبەر و خاوەن بڕیار بن و کۆمەڵگە ئاراســـتە بکەن. چارەســـەر ئەوەیە لە کۆنەستی ژن و پیاوی کورددا، پێگەی مرۆڤبوون بە ژن ببەخشینەوە، ئەو ژنەی کە ڤێرجینیا وۆڵف لە ڕۆمانی (ژوورێکی سەربەخۆ بۆ ژن) دا باسی دەکات، ئەگەر کۆمەڵگە ڕێگەی بدایە، لە بری شکسپیر کە پیاوە، ژنێك دەکرا ئەو ناوبانگەی لە مێژووی جیهاندا هەبووایە.


**زیاتر لە ١٢٠٠ ئافرەت لە سەندیکا بە ناونیشانی جیاجیا لە بواری ڕۆژنامەگەری تۆمارکراون**

**ئێمەی ئافرەت بۆ کۆمەڵگەمان سەلماند کە میدیاکار وەک پزیشک و مامۆستا و پارێزەر و هەموو کارەکانی دیکە ئەرک و پەیامێکی پیرۆزی هەیە و شۆڕشێکمان لە کاری میدیایی بەرپاکرد**

**خانمان دەبێت خاوەن کەسایەتییەک بن کە بتوانن ئەو سنوورانەی پیاو بۆی کێشاون و ئەو بەربەستە نەریتییانە تێپەڕێنن، بۆ ئەوەی بتوانن کار بکەن و بەڕێوەبەر و خاوەن بڕیار بن و کۆمەڵگە ئاراستە بکەن**

# ئافرەتانی نیگارکێش و پەیکەرتاش لە کارە هونەرییەکانیاندا زیاتر تەعبیر لە ئازادی دەکەن

**ئەگەرچی جیهانی هونەر زۆر لە سنوورەکانی بەزاندووە و بەرهەمە هونەرییەکان زۆر بابەتی جیاواز و جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە و لەو بوارەشدا سەدان شاکاری جیهانی هەن کە لە سەر دەستی هونەرمەندان بە هەر دوو رەگەزەوە دروستبوون، بەڵام بەرهەمەکانی ئافرەتان تایبەتمەندییەکی هەیە و ئەوان زیاتر لە کارە هونەرییەکانی خۆیاندا تەعبیر لە ئازادی دەکەن. ئایا ئەوە هێمای بێدەسەڵاتی ژن و پێشێلکردنی مافەکانیانە، یان هۆکاری دیکەی هەیە؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**



«کارەکانی من کۆی بەرکەوتەکانی ژیانی تایبەتی خۆمن و هەر کارێکی هونەریش کاریگەری کۆمەڵگە و ژینگە لەسەر خودی هونەرمەند و کارە هونەرییەکەی بەجێ دەهێڵێت. واتە کۆی بارە سایکۆلۆژی و دەروونییەکەی هونەرمەند و کۆ کردنەوەی کێشە و موعاناتەکانی لە کارێکی هونەریدا یەکدەگرنەوە. کارەکانی منیش دەنگێکن بۆ گەڕانەوەی میهرەبان بۆ خودی خۆی و تێڕامانی ئافرەتێکی کوردە لە بەرکەوتەکان، بە جۆریك کارەکان لە توانایاندایە راشکاوانە لەخودی هونەرمەندەکە بدوێن».

ئەوە قسەی نیگارکێش و مامۆستای هونەری میهرەبان محەمەد بوو. ئەو رایوایە بۆ داواکردنی ئازادی، یان هەر داوایەکی تر مرۆڤ سەرەتا دەبێت لە خودی خۆیەوە دەست پێ بکات و کاتێك لە خۆناسین تێگەیشت، ئەوکات دەزانێت چێ دەوێت و چۆن هەنگاوی بۆ دەنێت و چۆن داوای دەکات، یان چۆن دەبێتە کەسێکی ئازاد» وتیشی: «زۆرێك لە هونەرمەندان باس لە ئازادی ئافرەت دەکەن، هۆکاری ئەمەش کاریگەری دەوروبەر و کۆمەڵگەیە، رەنگە ئەم رەنگدانەوەیە لەلای هونەرمەند زۆر زیاتر و کاریگەر تربێت، ئافرەت بە گشتی ئازادی کەمترە لە پیاو، بۆیە بە تابلۆکانی ئەو ئازادییە دەردەبڕێ و تەعبیر لە ئازادبوونی ژن دەکات، منیش کچێکی ئەم کۆمەڵگەیەم، ئەوەی دەمەوێ راستگۆیانە لە چوارچێوەی تابلۆیەکدا دەریان دەبڕم.»

هونەرمەندی پەیکەرتاش ئەحمەد زەهاوی، سەرتا باسی ئەوە دەکات کە ئافرەت لە کۆمەڵگە ئێمەدا زۆر فشاری کۆمەڵایەتی لەسەرە و ئەو ئازادییە کە پیاوان هەیانە و لە رۆژگاری خۆیان چێژی لێ وەردەگرن، بۆ ئافرەت زۆر دەگمەن بێت. نموونەشی بەوە هێناوە کە شەقام و بازاڕ و چایخانە و کافیتریا و یاریگەی وەرزشی و ...تاد لە هەموو دەمێك بۆ پیاو رەخساوە، بەڵام ئافرەت بە هۆی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە تەنیا دەتوانێت بە شێوەیەکی دیاریکراو و بە پێی پێویست کاتەکانی لە دەرەوە بباتە سەر، وتیشی: «ئافرەتان بە هۆی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان هەست بە کۆسپێکی گەورە دەکەن لە بەردەم جێبەجێکردنی زۆر لە ئاواتەکانیان و ئەو دەرفەتەشیان بۆ دەربڕینی هەست و سۆزیان دەربارەی گرفتەکانیان نییە، بەڵام ئافرەتی شاعیر و هونەرمەند بە بەهرە و بەرهەمەکانیان دەتوانن زۆرێك لەو هەست وسۆز و ئاواتانەی ناخیان لە هۆنراوە و تابلۆکانیان دەرببڕن،» جەختی لەوەش کردەوە کە «ئافرەتی شێوەکار لە تابلۆکانی بە بەکارهێنانی رەنگ و سومبولی جۆراوجۆر زیاتر لە پیاو دەتوانێت هەستەکانی خودی ئافرەت شی بکاتەوە بۆ بینەر و زیاتر کێشە کۆمەڵایەتییەکان وپێشێلکردنی مافەکانی ئافرەت شرۆڤە بکات، ئەوەی لە ناخیدایە نغرۆی ناو تابلۆکەی دەکات و تابلۆکەی دەکاتە مینبەرێك بۆ هەڵڕشتنی ئەو حەز و ئارەزووانەی لە ناخیدا چەکەری کردووە.»

خانمە هونەرمەندی شێوەکار شلێر قەدیمی لە شاری (سەقز)ی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. تا ئێستا سێ پیشانگەی هاوبەش و پێنج پیشانگەی تایبەتی کردووەتەوە کە دواجاریان لە گەلەری پارکی شانەدەری هەولێر بوو کە ٢٤ تابلۆی خۆی بۆ ماوەی شەش رۆژ نمایش کرد. لە یەکێك لە تابلۆکانی ئەو خانمە هونەرمەندە، ئافرەتێك بە جلوبەرگی کوردی، بەڵام بێدەست و باڵ لە ناو هەمەرەنگییەکی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، کە هێمایەکە بۆ بێدەسەڵاتی و چەوساوەیی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا. شلێر لەو بارەیەوە دەڵێت: بێدەسەڵاتی



**بێدەسەڵاتی و بێدەسەڵاتکردنی ژن و پێشێلکردنی مافەکانیان شتێکی زەقە لە دنیای ئەمڕۆماندا تا ژنان خۆیان هەوڵ نەدەن، هیچ شتێک لە هاوکێشەی لاسەنگی نەریتسالاری و پیاوسالاری ناگۆڕێت**

**ئافرەتان لە شیعر و مۆسیقا و وێنەکێشانیشدا هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە و بگرە زۆر بەهرەمەندترن، بە مەرجێک ڕێگرییان لێ نەکەن**

و بێدەسەڵاتکردنی ژن و پێشێلکردنی مافەکانیان شتێکی زەقە لە دنیای ئەمڕۆماندا، ئەوەش کە زۆر جێی نیگەرانییە ئەوەیە کە خانمان خۆیانیش کەمتر هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی لەو دۆخە نالەبارە خۆیان رزگار بکەن. بێگومان تا ژنان خۆیان هەوڵ نەدەن، هیچ شتێك لە هاوکێشەی لاسەنگی نەریتسالاری و پیاوسالاری ناگۆڕێت.» سەبارەت بە توانای ئافرەتیش لە بواری هونەری رایوایە: «کچان هەستیان ناسکترە، زۆر بە وردی لە سەر خێزان بیر دەکەنەوە، گەورەترین هێزیان دایکایەتی و پەروەردەی نەوەکانی دوارۆژە، ئافرەتان لە شیعر و مۆسیقا و وێنەکێشانیشدا هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە و بگرە زۆر بەهرەمەندترن، بە مەرجێك ڕێگرییان لێ نەکەن. نموونەشی بە خانەوادەی خۆی هێناوە کە هەمیشە پشتیوان و هاندەری بوون و هەر لەو بارەیەوە وتی: «خانەوادەی من لە بواری خوێندن و تێکەڵبوونم بە جیهانی هونەریش هەمیشە مایەی پشتگەرمی و بەردەوامبوونم بوون.».

هاوژین محێدین شارەزای بواری توندوتیژی خێزانی، هۆکاری تایبەتمەندییەکانی کارە هونەرییەکانی ئافرەت و بەتایبەتی بەرهەمی وێنەکێشانیان کە تەعبیر لە ئازادی دەکات، زیاتر بۆ جیاوازی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «بەر لەوەی منداڵی کچ لەدایك بێت، هێشتا قۆناغەکانی گەشەی کۆرپەلەیی لەناو سکی دایکی نەبڕیوە، تووشی کۆمەڵێك جیاکاری رەگەزی دەبێت، کە سەرەتای دیدی کۆمەڵگەییەکی پیاوسالار دەسەلمێنن، دوابەدوای لەدایکبوونیشی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ کچ دەکرێت، یەکسان نییە لەگەڵ کوڕ، چونکە هەمیشە منداڵانی کچ ئاگادار دەکرێنەوە بەوەی خۆیان داپۆشن، ئاگای لە ئابڕوو، یان ناموسی خۆی بێت و هەموو کاتیش ئازادییەکانی لێ زەوت دەکرێت، یان هەڕەشەی لێدەکرێت، ئەمەش وەکو سەرچاوەیەکی ترس و هەڕەشە سەیر دەکرێت و بە توندوتیژی گوتەیی هەژماردەکرێت. لە کوردستانی ئێمەدا بەشێکی بەرچاو لە ئافرەتان تەنانەت لەوەی چ جۆرە جلوبەرگێك بپۆشن، ئازاد نین، زۆربەی ئافرەتان ناتوانن شەوانە بێنە دەرەوە، لەکاتێکدا بۆ رەگەزی بەرامبەر ئاساییە، ئەمانەش بەشێکن لەو جیاکارییانەی رۆژانە لە کۆمەڵگەی کوردی بەدیدەکرێن، هەر ئەو بێدەسەڵاتییەش وایکردووە، ئافرەتێکی هونەرمەند زیاتر لە بەرهەمەکانی خۆیدا چەمکی ئازادی، یان بێدەسەڵاتیی ئافرەت و پێشیلکاریی مافەکانی بەرجەستە بکات».

توێژەری کۆمەڵایەتی شەونم شێخانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئافرەتان هەست بە چەوسانەوە و بەشخوراوی و مەغدووری دەکەن، هۆکارەکەشی پەراوێزخستن و چەوسانەوەیە کە بە درێژایی مێژوو ئافرەت بەخۆیەوە بینیوە، تا ئێستاش چەوساندنەوە و ژێر چەپۆك کردنی ئافرەت هەر بەردەوامە و رۆژانە بە بیانووی جیا جیا ئافرەت دەکوژرێ، جگە لە چەوسانەوەی دەروونی وەك هەڕەشە و ترساندن و دروستکردنی دڵەڕاوکێ، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە نە حکومەت و نە حزبەکان و نە رێکخراوەکانی مافی ئافرەتان بۆ باشکردنی بارودۆخی ئافرەتان هەنگاوی جددییان نەناوە، تەنانەت پیاوانی رۆشنبیر گفتار و کرداریان یەك نییە و هەنگاوێکی وایان نەناوە ببنە هۆکاری هەڵگیرسانی شۆڕشێکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی کە ئافرەت لە بازنەی دیلێتی دەربهێنێت، لەم حاڵەتەدا ئافرەت ناچارە دەنگە خنکێندراوەکەی لە تابلۆیەکدا بنەخشێنێت.